فرمێسکەکانت
خەریکن پێ دەکەنن

# فرمێسکەکانت
# خەریکن پێ دەکەنن

شەمزین جیهانی

ناوی کتێب: فرمێسکەکانت خەریکن پێ دەکەنن
نووسینی: شەمزین جیهانی
چاپ: ڕۆژهەڵات
تیراژ: 1000
ژمارەی سپاردن: 1012

# فرمێسکەکانت خەریکن پێ دەکەنن

تۆ دیسان دەجووڵێی، من کەسێک پێی وتبووم بۆ ئەوەی لە کۆڵانی سیفرئاوادا نەژی و نەمری دەبێ کوێر بی .

تۆ دیسان شتێکت گوت؟ درەنگ هاتووی ، مەگەر نابینی لە کۆڵانی سیفر ئاوادا هەم و لە شەقامی نەزانیندا رێگا دەڕۆم .

تۆ دیسان خەریکی لە بن گوێم شتێک دەڵێی ؟

کێ هەرام دەکات؟ خوشکم چ دەڵێی؟ ها خاڵە شتێکت گوت؟ ببوورە براکەم قسەیەکتان گووت:

هەی بێ نامووس وەرە دەرێ ،بە سەر ئەو شەقامەدا مەڕۆ، ئەمە شقامی زانینە بەرەو کۆڵانی سیفرئاوات دەبا، هاوڕەنگیت بپارێزە.

لە وڵامدا پێیان دەڵێمەوە:
ببوورن من کەڕم ،هیچم گوێ لێ نابێ،هیچ نابیسم ، ئەم وشانە بۆ من نامۆن ...
دایکم دەبینم ، رەنگ زەرد و خەمبار هەرام دەکات و دەڵێت:
رۆڵە بە خاتری خوا، ئەم پرچە سپیانەمت دێنمە تکایە، لەو گەڕەکە وەرە دەرێ، بە سەر ئەو شەقامەدا بۆ دەڕۆی؟

ئەو جەماعەتە چیم پێ ئەڵێن ؟! من نابیستم ...
ئەتۆش ! تۆش دیسان دەستت پێ کردەوە ؟! دیسان شتێکت گووت، من چاو لە پشت سەری خۆم ناکەم، ئەوەش هەنگاوێکی تر بۆ زانین ،ئەویش بە سەر شەقامی نەزانیندا .

ئەرێ ئەو هات و هاوارە چییە؟ کاک حەسەنی سەبزی فرۆش و نەشمیل خانمی جیرانمان دەڵێن چی ؟!

لاقم بەرز دەکەمەوە بۆ هەنگاوێکی زانستی تر، زۆۆۆۆۆر سەیرە، ئاهی دایکم منی گرتووە، لاقم توانای نییە بە زگی شەقامەکەوە بنووسێتەوە ،هەروا لە حەوا ماوەتەوە.

دەنگی پێکەنینێک لە گوێمایە، ئەوە تۆی هیچ ناڵێی و پێدەکەنی؟

ئەو جەماعەتەش، لە دایکم ڕا بگرە هەتا هەموو ئەو پرۆفسۆرە کاغەزیانە، بوونەتە جیرانی من.

بە موبایلەکەم زەنگێک بۆ دایکم لێدەدەم، سرتەیەک بە گوێی دایکم دەڵێم. دایکیشم هیچی بۆ ناووترێ جگە لە..........

دایکم خەریکە گووشی تەلەفۆنەکە تەڕ دەکات و واش دەزانێ تفەکانی وە ناو چاوانم دەکەوێ .

تۆش ئیتر پێ ناکەنیت و بووی بە هاورێم و دەڵەی هەنگاوێکی تر ، هەنگاوێکی تر .....

جرینگ .... جرینگ ...... ئەڵۆ ، بەڵێ فەرموون

سڵاو ، سڵاو ...بۆ هاوڕێ خۆشەویستەکانم ... بەڵێ، بەڵێ ، باش دەبیسم ، فەرموون ...

هەڤاڵە بەڕێزەکانم ئەو قسانە بە گوێمدا ناچێ ، تکایە بە دایکم بڵێن ...نا...نا...لە گۆڤارەکاندا یان لە رۆژنامەکاندا بنووسن " ئیمان بهێنن بە مرۆڤێکی شێت ".

بۆ دیسان پێدەکەنی؟ دیسان دەجووڵەی ،ئەگەر تۆ نەبای من هیچ کات وەکوو ئەو تاقمە کەمە خۆم لەو خەڵکە جییا نەدەکردەوە ، هیچ کات بۆ کۆڵانی سیفر ئاوا نەدەهاتم و هیچ کات لاقم بە سەر زگی شەقامی نەزانین دانەدەنا .

نازانم ، کە وا بوو تێ دەگەم کە دەبێ لە دەروازەی نەزانینیدا تێپەڕ بم هەتا بە هەژمارەکانی زانین بگەم .

زۆر سەیرە ، ئەو جەماعەتە ئیتر بێدەنگ بوون و کاریان بە ئێمە نییە ، زەنگ لێ نادەن ، هەرام ناکەن .....

خۆزگە زووتر ووتبام ، " ئیمان بهێنن بە مرۆڤێکی شێت " .

ئینجا تۆش کەم قسە بکە ، کەم بجووڵێ ، ئاخۆ کەی بە کۆتایی شەقام دەگەم ؟ ....هیچ کات ؟.... ئێستا؟....یان بە زوویی....

بەسسە ، بەس ، هەی بێ ویژدان ناتوانی بۆ ماوەیەک بێ دەنگ بی ؟!
گوێت کەڕ کردم ئەوەندەی بڵێی :
" فرمێسکەکانت خەریکن پێ دەکەنن" .

# " خاچ "

بۆ ئەو پەپوولە باڵ سەوز و
سپیانەی کە بە دوای
وڵاتێکی نامۆد
ڕۆیشتن و هەرگیز نەگەڕانەو

ڕوانیومەتە دوو پەپوولە، یەکی باڵ سەوز و یەکی باڵ سپی، دەوری گوڵێکی سوریان دا بوو...

خۆزگە ئێستا من و ئەو باین ، وەکوو ئەو دوو پەپوولەیە بە یەکەوە لە ناو ئەو باغ و بێستانە دا دەورەی گوڵێکی زەردمان ...

هەناسەیەکی سارد، ساردتر لەو ڕۆژە پاییزیانە، ئاخ من تەنانەت لە چیرۆکی خۆزگەکانیشم دا باسی گوڵی زەرد دەکەم.

ئەو لاپەڕەیەش هەڵدەدەمەوە، دەچمە سەر لاپەڕەی دووهەم،
بارانێکی توند بە سەر ئەو باغە دا دەبارێ.
حەز لە دەنگی باران دەکەم...

ئەرێ پەپوولەکان ! ئاخۆ پەپوولەکان دەبێ لەو بارانە دا چیان بە سەر هاتبێ ؟! بە پەلە دەگەڕێمەوە سەر لاپەڕەی هەوەڵ...
پەپوولەکان لەوێ نەمابوون... کتێبەکەم دەبەستم.

چەند دانە دار لە ناو ئاگردانەکە دەنێم و هەر لە تەنیشت ئاگردانەکە ڕادەکشێم و پەتووەکە بە سەر سەرم دادەکێشم.

لە ناکاو، شەق... شەق... شەق... لە پەنجەرەی دیوەکەم دەدرێ. هەڵدەستمە سەر پێ و پەنجەرەی دەکەمەوە، بەڵام هیچ کەس دیار نییە.
سەرم لە پەنجەرەکە دەبەمە دەرێ، لە پەنای داری حەوشەکەمان پەپوولەیەکی باڵ سەوز دەبینم کە تەرمی پەپوولەیەکی باڵ سپی ڕادەکێشێ، سەرم خووساوە و لە ناکاو لە خەو ڕادەچەنم...

قەڵەمەکەم دەگرمە دەست و بە بێ وچان و بە بێ ئەوەیکە بزانم ئامانجم چییە، خاچێک دەکێشمەوە...

خاچێک بە قوورسایی وشەی ماڵئاوایی و بە درێژایی چاوەڕوانی...

نازانم ئێستا چەند ساڵە لێی دوورم؟! نازانم ئێستا بووەتە چەند ساڵ کە ئەو ڕۆیشت و هەرگییز نەگەڕاوە...؟!

ئەو ڕۆیشت و بڕیاری بە من دا وێنەی وڵاتێکم بۆ بێنێتەوە، بەڵام ئەو ناوی وڵاتەکەی پێ نەگووتم و ئێستاش نەمزانی باسی لە کامە وڵات دەکرد کە پڕ بوو لە پەپوولە.

ساڵەهای ساڵ تێپەڕ بووە و من خاچێکم بە کۆڵەوەیە... قورسایی خاچەکە شانەکانم ئازار دەدن...
من بۆ کوێ دەچم ؟! ... تێناگەم... تەنانەت بیریشی لێ ناکەمەوە بۆ کوێ دەچم...
هەر ئەوەندە دەزانم خاچێکم بە کۆڵ داداوە و ڕێگایەکی بێ کۆتایی تێپەڕ دەکەم...
ماندوویی ڕێگا چاوەکانم دەبەستێ...

پێی گەیشتمەوە... پێی گەیشتمەوە... بەڵام کاتێ پێی گەیشتمەوە ئەو بە خۆیشی لە خاچ دەچوو، دەستەکانی لە سەر زەوی بڵاو ببوونەوە و چاوەکانیشی دەیڕوانیە ئاسمان.
دەستەکانی مست کردبوو، دەتگووت شتێکی زۆر خۆشەویستی ڕاگرتبوو، قامکەکانی دەستێکیم بە زۆر زەحمەت لێک جیا کردەوە، وێنەی وڵاتێکی تێدا بوو.
نەکا ئەو وڵاتە بێ کە باسی دەکرد؟!
دەستەکەی تریم لێک کردەوە... تەرمی دوو پەپوولەی تێدا بوو ، یەکی باڵ سەوز و یەکی باڵ سپی، لە ناکاو لە خەو ڕادەچەنم...

باران دەستی پێ کردۆتەوە و... لە هەموو کات توندتر... توند بوونی بارانەکە لەمە دەچێت کەوا هەزاران پرسیاری پێ بێت ، بەڵام من تەنیا ئەوەندەم بۆ دەرکەوت :
" خاچ تەنیا هی مەسیح نییە " .

## بۆ چی ؟!

ئەمشەو ڕووحی وێنەکێشێک بوو بە میوانی من. بە غرووورەوە گووتی

- هۆ کچی هەتیو، وێنەی چاوەکانت بکێشمەوە، یان وێنەی زوولفت ؟ هەرچی بڵێی دەیکێشمەوە.

کە وێنەکێش وای گووت، چاوم لە چاوی بڕی و بە هێمنی پێم گووت :
- هەر چی بڵێم دەتوانی بیکێشییەوە ؟!

وێنەکێش قاقایەکی بەرزی کێشا و هاوکات کە دەستی بە پرچی درێژی خۆی داهێنا گووتی:

- من سڕنجڕاکێشترین و زڕاڤترین وێنەکان دەکێشمەوە، هەر چی بتهەوێ دەتوانم ، حەز دەکەی چاوت دەکێشمەوە، یان حەز بکەی زەردەخەنەی سەر لێوت.

ئاخر تۆ نازانی من کێم ؟! هەتا ئێستا هەموو کەسێک بە وێنەکانی من شانازی کردووە و تابلۆکانم ڕۆژ بە ڕۆژ بایەخیان دەچیتە سەرتر.

چاوم لێ کردەوە و گوتم:
- ئەو شتەی کە من دەمهەوێ، هیچ وێنەکێشێک ناتوانی بیکێشێتەوە

ڕووحی وێنەکێش سەرکەشانە بە سەرم دا گووڕاندی:
- بڵێ چیت دەوێ تا من بیکێشمەوە.

ڕووم لە ئەو سووڕاند و گوتم:
- هە ستم. ئێحساسم بکێشەوە ، ئیحساسی من وڵاتێکە، بۆ هەر شەقامێک کە بڕۆی، تەرم لە سەر تەرم کەوتوون.

کۆڵانەکانی بە ڕەنگی سوور بکێشەوە، چونکە لە وڵاتی من بارانی خوێن دەبارێ، لە هەر گەڵا و لقەدارێک دڵۆپ دڵۆپ خوێن دەتکێ. ئاسمانەکەی ڕەش بکێشەوە، چوونکە باڵندەکانی بێ باڵن. دەستەکان، دەستەکانی منالە بێ باوکەکانت لە بیر نەچێت کە بە نیشانەی "ویکتۆریا "بەرز بوونەتەوە و هاواریان هاواری ئاشتی یە و چاوەکانیشیان پڕە لە ئاو، بەڵام هەڵە نەکەی ، چاوە پڕ ئاوەکانییان هەرگیز ناگرین...

ددانم بە سەرلێوەکانم داگرت و نەمتوانی درێژە بە قسەکانم بدەم. بۆ لای وێنەکێش ئاوڕم داوە، کەچی لەوێ نەمابوو. تەنیا قەڵەم و تابلۆ سپی یەکەی بە جێ مابوو.

هەناسەیەکم هەڵکێشا و چاوم لە سەر یەک دانا و بە خۆمم گووت : بۆ چی ؟! بۆ چی کەس نایهەوێ دان بە وڵاتەکەمدا بهێنێت ؟ بۆ چی هەموو شەوێ، کە میوانێک دێتە لام، کاتێک داوای شتێکی بەم

جۆرەی لێ دەکەم، بە بێ دەنگی وون دەبێت، تەنانەت ئەمشەویش ڕووحی داوێنچپیش ، وەک میوانەکانی دیکە بە جێی هێشتم...

## ڕەش وەکو مێش ، سپی وەکوو پارە، سوور وەکو درووشم

هەر بەو هیوایە کە ئەمڕۆ ، رۆژێکی خۆش دەبێ بۆ من ، چاوم لە میچەکە بریوە و لە بییرەوە چووم .

دوێنێ شەو تا شەو درەنگانێک میوانەکان ، گلاسەکانیان لە و شرابە تاڵە پڕدەکرد و هر جارە لە گەڵ پێکدادانی هەر پێکێک دا دەیانگووت ؛ ئەم پێکەش بە خۆشی سوورەکان و پاشانیش تەقەت تەقی گلاسەکان نەیاندەهێشت ، خەو لە چاوم بکەوێ .

شۆرشی جیرانیشمان هەر لە ناو ئەو جەماعەتەدا بوو ، ئەویش هەر لەوەتا وەبیرم دێ ، دەڵێ سوور ...

من و شۆرش ماوەی مانگێک دەبێ حەز لە یەک دەکەین ، دوێنێ شەو هەر لە وەتاغەکەی خۆمەوە گوێم لە شۆرش دەبوو کە دەیگووت : ژن و پیاو هیچ جیاوازیەکی نییە ، بەرابەری و برایەتی... ئینجا ئەو پەیکەش بە خۆشی سوورەکان ، جار و باریش ئاگام لێ بوو کە لە باوکمی دەپرسی و دەیگووت : ئەرێ کاکە ڕێبوار خێزانت و کچەکەت لە کوێن ؟ بۆ دیار نین ؟

باوکیشم بە گاڵتە وڵامی دەداوە و دەیگووت ؛ خێزانم زیز بووە و ڕۆیشتۆتە ماڵی باوکی و داوای پارەی سپی دەکا و باوەری بە ئێمەی سور نییە و ژنێکی هەتا بڵەی برژوایە و سێ تەڵاقم کەوێ تازە جارێکی دیکە بە ماڵمدا نایەتەوە ، کچەکەشم لە وەتاخەکەی خۆیەتی و خەوی لێ کەوتووە .

لە راستی دا دوێنێ شەو هەر جارەو یەکێک لەو پیاوانەی ڕەفێقی باوکم ئەم پرسیارەیان لە باوکم دەکرد ، بەڵام حەموو ئەم پیاوانە هەر لە ، لە کوێ بوونی دایکمیان دەکۆڵیەوە و بەردەوام بە باوکمیان دەگووت خێزانت لە کوێیە ؟

تەنییا شۆرش نەبێ کە جار و بار لە نێوان چەند پێکێک دا ، هەواڵی منی دەپرسی ، دیارە باوکیشم هەر ئەو وڵامەی دووپات دەکردەوە ، کەچی کۆتایی وڵامەکەشی بە درۆ تەواو دەکرد.

ئەخر من حەزم دەکرد کە وەک مرۆڤێک هاتبامایە لای ئەو پیاوانە و بە تایبەت کە شۆرشیش لە ناو ئەواندا بوو ، بەڵام ئەمە باوکم بوو کە هەر جار نا جارێکی دەهاتە ناو وەتاخەکەی من و هەڕەشەی لێ دەکردم و پێی دەگووتم ؛ کچە تیوە ، نەیەیت بۆ لای ئەو پیاوانە ، دەنا بە خوا دوایی قژت بە سەریەوە ناهێڵم و دەتتۆپێنم و ...

ئینجا هەر باوکیشم بوو کە دەنگی دەهات و دەیگووت : ژن و پیاو فەرقی نییە ، بەرابەری و ... پاشانیش دەنگی لە ناو شەقە شەقی گلاسەکاندا وون دەبوو .

هەر بەو هیوایە کە ئەمرۆ ڕۆژێکی خۆش دەبێ بۆ من ، چاوم لە میچەکە بڕیوە ، کە لە ناکاو جرینگە جرینگی تێلێفۆن ڕامدەچڵەکێنێ ، ڕادەکەمە لای تەلەفۆنەکەو گووشیەکە بەرز دەکەمەوە .

" شۆرش" ە ، وڵامی سڵاوەکەی منی نەداوە و یەکسەر گووتی ؛ بە ئاواتەوەم جارێ کە هاتمە ماڵەکەتان ، بتبینم ، بەڵام دوێنێ شەوێ ، تۆ کە دییار نەبووی هیچ ، تەنانەت دایکیشت دیار نەبوو ،

دەزانی چی ، پیاو لە کاتی مەستی دا کە ژنێکی لە لابێت زیاتر حەز بە ژییان دەکا ، بە ڕاستی بوونی ژن لە کاتی مەستی دا لەزەتێکی تایبەتی سێکسی هەیە بۆ پیاو و ...

هەستێکی ناخۆش لە سەراسەری بوونم دا گەڕا ، زۆر عەسەبی بووم و بە تووڕەیەوە ، وڵامم داوە و گووتم ؛ بە راستی ناوی شۆرش لە سەر تۆی نا شۆرش خەسارە ، ئەم حەمو دروشمەتان بۆ بەرابەری ژن و پیاو لەمەدا کۆتا دەبێتەوە کە ژن تەنییا وەک موجودێک بۆ خۆشی سێکسی پیاوان ببینن ؟ ئەمەیە ئەو حەمو بەرابەریەی کە بانگەشەی دەکەن ؟

ئینجا بێ ئەوەیکە دەرفەت بە شۆرش بدەم کە دیسان قسەی ڕەنگاوڕەنگ و دروشماویم بۆ بڵێ ، گووشی تێلێفۆنەکە لە سەر جێگەی خۆی دادەنێمەوە و پێوەندیەکە دەپچڕێنم ، دیسان دەنگی جرینگە جرینگی تێلێفۆنەکە دێ ، لە بەر ئەوەیکە دەزانم کە ئەوە دیسان شۆرشە تێلیفۆن دەکاتەوە ، سیمی تێلێفۆنەکە لە پریزەکە دەردەخەم و بە تەواوی هێز و توانامەوە ، تێلێفۆنەکە بە عەردی دا دەدەم .

هێڵەنجم دێت ، بەو حەمۆ قسە سوورە زلانە ، هێڵەنجم دێت بەو حەمۆ درووشمە ڕەنگاوڕەنگانە و...

پەنجەرەی وەتاغەکەم دەکەمەوە ، فێنکە بایەکی بەهاری خۆش ، لە عارەقەی ناو چاوانم دەدا ، چاوێک بە ناو وەتاخەکەم دا دەخشێنم ، سەیری قەندانە پڕ لە قەندەکە دەکەم ، مێشێکی لە سەر نیشتووە ، بزەیەک دێتە سەر لێوەکانم و بە نەرمی و هێدیانە لە بەر خۆمەوە دەڵێم :
ڕەش وەکوو مێش ، سپی وەکو پارە ، سوور وەکوو دوروشم ...

## " فلووت ، فڕۆکە ، چریکە"

(1

شەو شارەکەمانی ڕەش پۆش کردووە. لە هیچ کۆڵانێک جیا لە دەنگی نالّەی با، دەنگێکی تر نایە.

من لە تەبەقەی دووەمی ساختمانێکی سێ تەبەقە، لە پێش پەنجەرە دا ڕاوەستاوم و چاو لە ئاسمان دەکەم ، هاژەی با زۆر توونده.

باوکم چەند دانە دار، لە ناو ئاگردانەکە دەخا و ئاگرێکە هەڵدایبیسێنێ.
پاشان ڕۆژنامەکەی کە پڕ بوو لە هەواڵی شیمییای کردنی شاڕی حەلەبچە ، بە دەستەوە دەگرێ و چاو لە وێنەی " عوومەر خاوەر " و ژنان و منداڵانی حەلەبچە کەوا شیمیایی کراون دەکا و چاوەکانیشی پڕ دەبن لە ئاو...

دایە گەورەم جگەرەیەکی بە دەستەوەیە و لە بیرەوە چوە.

خووشکە گەورەکەشم، خەریکی چنینی کۆبلێنە و دایکیشم لە پەنای
دانیشتووە و بە ماتییەوە سەیری دەستەکانی دەکا.

من ناوم ئەنفالە و هەروا لە پێش پەنجەرە دا ڕاوەستاوم و بیر لەو
منداڵانەی کە لە حەلەبچە شیمیایی کراون و لە دایک و باوکیان
جیابوونەتەوە، یان ئاوارە بوون دەکەمەوە.

هاژەی با، توندتر و توندتر دەبێ. دەنگی مۆسیقای غەمگینی
فلووت ژەنێک کە لە شەقام دا دەگەڕێ، تێکەڵاوی هاژەی با دەبێ.

منیش هەروا گوێم بۆ ڕاگرتووە و سەیری دەکەم، هەتا لە شەقام
دوور دەکەوێتەوە.

جارێکی دیکە بێدەنگی بە سەرمان دا زاڵ دەبێتەوە.

کاتژمێرە گەورەکەی شار دوازدە زەنگان لێ دەدا. دایە گەورەشم
چەند جار لە سەر یەک دەکۆخێ.

دایکم بۆ جاری دووەم هەرام لێ دەکا و دەڵێ :
- ئەنفال، درەنگە بڕۆ بخەوە. سبەی لە خەوێ هەڵناستی و درەنگ
دەگەیەوە قووتابخانە.

بەڵام چاوەکانم، نایانهەوێ لە تاریکی یەوە ڕۆ بچن، کەچی
چارەیەکیشم نییە.
لە پێش پەنجەرە لادەچم و لە سەر تەختی خەوەکەم دادەنیشم.

دەڵێی ئەوشۆ خەو لە حەموومان تۆراوە و منیش هەروا لە بیرەوە
چووم.

( 2

شەو شارەکەمانی ڕەش پۆش کردووە و لە هیچ کۆڵانێک جیا لە
ناڵەی با دەنگێکی تر نایە.

ئێمە لە تەبەقەی دووهەمی ساختمانێکی سێ تەبەقە دا دەژین.

بابم لە سەر سەندەڵییەک، ڕۆژنامە بە دەست، خەوی لێکەوتووە.

خووشکم و دایکیشم لە وتاغەکەی دیکە نوستوون.

دایە گەورەشم لە سەر بەرماڵەکەی خەوی لێ کەوتووە، تەپڵەکەکەشی پڕ لە سوتووی جگەرەیە.

لە سەر تەختی خەوەکەم دانیشتووم ، لە ناکاو دەنگی هاڕە هاڕی فڕۆکەیەک دێتە گوێم.

دەنگەکە بەرزتر و بەرزتر دەبێتەوە و گوێیەکانم دێشێن. خەریکە کەڕ بم. سەرمامە و دەلەرزێم ، بە لەرزینەوە دەست بە گوێچکەکانمەوە دەگرم.

دەنگی فڕۆکە بەرزتر و بەرزتر دەبێتەوە. وێنەی منداڵە کووژراوەکانی حەڵەبجەم دێتەوە پێش چاو.

چاوەکانیان دەبینم. پێستە بلۆق کردووەکانی دەم و چاویان. گوێم لە قیژە و هاواری دایکانە و لاقەکان لە کاتی هەڵات هەڵات دا دەبینم.

لە ناکاو بە تەواوی هێزەوە دەچریکێنم ، چرا کووژاوەکان هەڵدەکرێن.

دەنگی هاواری کاتژمێرە گەورەکەی شاریش دەبیسترێ .

# دەڵقەک

هۆ دەڵقەک ، خۆت ماندوو مەکە ، مەگەر نایناسی ؟!

ئەوە شاهۆی نەدوێنە و هیچ کات پێ ناکەنێ و هیچ کاتیش پێ نەکەنیوە .

خەڵک دەڵێن ئەگەر شاهۆی نەدوێن لە داییک بووە ،دوو شەو و دوو ڕۆژان هەر گریاوە و هەتا ئێستاش، هیچ کات، پێنەکەنیوە و تەنانەت بزەیەکیش یان زەردە خەنەیەکیشی نەهاتۆتە سەر لێو ، هەر بۆیەش بە شاهۆی نەدوێن ناسراوە و جگە لە پییاسە کردن بە ناو شەقامەکاندا هیچ ئیشێکی تری نییە......

دەڵقەک بە سەر سوڕمانێکی زۆر و بە بێ ئەوەیکە قسەیەک بکات ، چاوێکی لە شاهۆ کرد و ئەو شەقامەی بە جێ هێشت و ڕۆیشت بۆ شەقامێکی تر ، هێستا بە تەواوی نەگێشتبوو بۆ شەقامەکەی تر کە جەماوەرێکی زۆری لە دەورەی کوێ بۆوە و هەموو قاقایان پێ لێ دەدا و دەڵقەکیش خۆی بۆ جەماوەرەکە شیرین دەکرد و جەماوەریش چەپڵەیان بۆ لێ دەدا .

لە دوای خۆ شیرین کردنەکانی ،کڵاوەکەی سەری بە دەستی گرت و جەماوەرەکەش پارەیان بۆ هەڵدەهاویشتە ناو کڵاوەکەی .......

هێدی هێدی جەماوەر ،دوای تێر بوون لە پێکەنینێکی زۆر لەی دوور کەوتنەوە و دەورەیان چۆڵ کرد و دەڵقەکیش دەستی بە پارە ژوماردن کرد ، بەڵام دەڵقەک هەر لە بیری شاهۆی نەدوێن بوو و بەر دەوام پرسیاری لە خۆی دەکرد کە بۆ چی شاهۆی نەدوێن هیچ کات پێ ناکەنێ ؟!

خۆ لە جل و شمەکەکانی کەوا لە بەری دابوون و سیگارە بەرگەکەی سەر لێوی وا پێ دەچوو لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بێت و خەم و خەفەتی هەژاری نەخوات و ....

دەڵقەک حەستایە سەر پێ و هەڵات بۆ شەقامە کەی پێشوو و لە وێ خەوت ،سەبارەت بە وەیکە دەیهەویست بۆ بەیانی ئەگەر شاهۆی نەدوێن بێتە ناو شەقام ،بیبینێت .

شەو بە سەر چوو و تیشکی خۆرەتاوە هەڵات و دەڵقەکیش لە ژێر سێبەری دیواری ماڵێک دانێشت بوو و چاوەروانی شاهۆی نەدوێنی دەکرد کە لە ناکاو شاهۆی نەدوێن وەک هەمیشە ، بە بێ ئەوەیکە چاو لە دەور و بەری خۆی بکات ، خەریکی پیاسە کردن لە ناو شەقامەکە دا بوو و کچێکی قژ ڕەشیش لە گۆشەیەکی شەقامەکە راوەستا بوو و گوولی دەفرۆشت ، دەڵقەک رای کرد بۆ لای کچە گووڵ فرۆشەکە و قەرتاڵەی گووڵەکانی لێ وەرگرت و رۆیشتە پێش لاقی شاهۆی نەدوێن و بە گووڵ کایەی دەکرد ، بەڵام شاهۆی نەدوێن بە بێ ئەوەیکە سەرەنجی پێ بدات ،لەی تێپەڕ بوو...

دەڵقەک جارێکی تر ڕایکردەوە پێشی و ئەو جارەیان لە گەل سەگێکی ناحەز و ڕەش ، سەمای دەکرد ... بەڵام ئەم جارەش شاهۆی نەدوێن هیچ سرنجێکی پێ نەدا و درێژەی بە پیاسە کردنی خۆی دا .

دەڵقەک بۆ جاری سێهە م .......

بۆ جاری پێنجەم....................

بۆ جاری ............

دەڵقەک لە پێش لاقی شاهۆی نەدوێن ، هەر جارێ و بە شتێک خۆی شیرین دەکرد ، بەڵام شاهۆی نەدوێن وەک هەمیشە تەنانەت بزەیەکیشی نەدەهاتە سەر لێو.....

دەڵقەک هیچ هێزی نەمابوو ، ئەوەندە ماندوو و هیلاک ببوو کە تەنانەت توانای نەمابوو هەنگاوێکی تریش هەڵبێبێتەوە.

کەم کەم هەتاو دەرویێشت و ڕۆژ ئاوا دەبووە و دەڵقەکیش کە تەواو بێ هێز ببوو و نەشی دەزانی کە ئیتر چۆن و چی بکات هەتا شاهۆی نەدوێن ، وە پێکەنین بخات، هەڵاتە پێش لاقی شاهۆی نەدوێن و دەستی بە گریان کرد ...

دەڵقەک ئەوەندە گریا ، ئەوەندە گریا ....هەتا سێڵاو لە تەواوی شار دا بەرز بۆوە و تەواوی جەماوەری شارەکە لە ناو ئاوی سوێر دا خنکان و تەنانەت دەڵقەک خۆشی لە ناو فرمێسکی خۆی دا خنکا .

کە چی شاهۆی نەدوێن کەوتبوو سەر بانی بەرزترین خانووی ئەو شارە و کاتێک کە دیتی لە ناو ئەو شارە گەورەیە دا بە تەنییا ئەو زیندوو ماوەتەوە، بزەیەکی کەوتە سەر لێو و ووردە ووردە دەستی پێکرد بە قاقا و پێکەنین .

## شێت ئێوەن ، من تەنییا بێ قاچم

- ناسیۆنالیتەت چییە ؟

- کوردم

- ناوت چییە ؟
- ئاسۆ

پۆلیسەکە خودکارەکەی لە گیرفانی سەر شانی دەرهێنا و کاغەزێکی سپی لە پێش خۆی دانا و گووتی :

- گوێ بیسی کەیسەکەتم ، فەرموو
- لە کامە بەدبەختییەوەڕا بۆت باس بکەم ؟ ... لە کامە ڕەنج و گرفتاریەکانی ژیانمەوە دەست پێ بکەم ؟ ماوەی پانزدە ساڵە لە ئاوارەیی و کۆسپ و هەژاری دا بووم ، هیچ کات بە دڵی خۆم ژییانم نەبووە و تێر بە چاوی خۆم خەوم نەبووە ، لە چ شەڕهایەک دا کە بووم و شەڕم کردووە و بەرخۆدانیم کردووە و زیندووش ماومەتەوە و نەمردووم ، چەندەم مەرگی هاوڕێ و کەس و کارم دیتووە ، چەندە لە ماڵ و منالم دووە بووم و ...

- پیشەت چی بوو ؟
- پێشمەرگە

پۆلیسەکە چاویلکەکەی لە چاوی دەرهێنا و کاغەزێک کە بە نووسراوە ڕەش ببۆوە ، لە پێش خۆی دانا و گووتی :

- درێژە بدە
- لە دووایین شەڕێکدا کە بووم ، گوولەیەک وە قاچم کەوت و ئێستا قاچم نییە ، هەر بۆیەش ماوەی چەند مانگێک دەبێ دەستم لە پێشمەرگایەتی هەڵگرتووە و هاتوومەتەوە ناو ماڵ و منداڵم و ئینجا لە بەر ئەوەی لە وڵاتی خۆمدا ئەمنیەتی گییانیم نییە ، ڕامان کردۆتە ئێرە و پەنامان بۆ " یو ئێن " هێناوە ، بڕوام پێ بکەن گییانم لە مەتەرسی دایە ، یارمەتیم بدەن .

- چەند ساڵت تەمەنە ؟
- سی و هەشت ساڵم

پۆلیسەکە کراواتەکەی لە ملی دا شل کردەوە و گشت کاغەزەکانی سەر مێزەکەی لە ناو پووشەیەکی کاغەزی دانا و بە زەردەخەنەیەکەوە گووتی :

- دەتوانم قاچت ببینم ؟
- بەڵێ ،... بەڵێ .. قوربان ، فەرموو ، ئەوەش قاچم ، چاوی لێ بکەن و بڕوام پێ بکەن بێ قاچم و سەر باقی ئەو دەردەش ، لە وڵاتەکەم دا ئەمنییەتی گییانیم نییە ...

پۆلیسەکە خودکارەکەی لە گییرفانی سەرشانی خستەوە و گووتی :

- ئێستا کاتی ئینتێر ویوو خەڵاس بووە ، مانگی داهاتوو وەرەوە بۆ پرسینی کۆمەڵێک پرسیاری دیکە .

ئاسۆ لە کاتێکدا کە چاوەکانی پڕ ببون لە ئاو ، لەو بینایە کە لە سەر دەرگاکەی نووسرابوو "یۆ ئێن " هاتە دەرێ .

مانگێک دواتر ، کاتی وڵامدانەوەی ئاسۆ بە پرسیارەکانی کارمەندەکانی ناو " یو ئێن "گەیشت .

بەڵام ئەمجارەیان کەسێکی دیکە لە شوێنی پۆلیسەکەی مانگێک لەمەو بەر دانیشتبوو و هەر ئەو پرسیارانەی لە ئاسۆ پرسیەوە و ئاسۆش هەر ئەو وڵامانەی دووپات کردەوە ...

سێ مانگ دوواتر ... پاشان پێنج مانگ دوواتر و پاشان هەشت مانگ دوواتر و ...

ئاسۆ لە ناو شووشەی پەنجەرە ڕەنگینەکەی"یۆ ئێن"ەوە چاوی لە خۆی دەکرد و چین و چروک و قژە ماش و برینجیەکەی خۆی دەدیت و هەستی بەوە دەکرد کە وا بەرەو پیبر بوون دەچێ...

- کێشەی تۆ چییە ؟
- یو ئێن

پۆلیسەکە خودکارێکی سوری لە گیرفانی سەر سینگی دەرهێنا و زەربدەرێکی بە سەر فایل و کاخەزەکاندا کێشا و ڕووی لە ئاسۆ کرد و بە توندی پەی گووت ؛

- هەرچی زوویە ، دەبێ لێرە بڕۆی و دێپۆرت دەکرێییەوە.

ئاسۆ ، ئاوی گەرووی بۆ قووت نەدەدرا ، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو ، دەستەکانی دەلەرزین و دەپاڕاوە و دەیگووت :
بە خاتری خوا یارمەتیم بدەن ، گییانی خۆم و بنەماڵەکەم لە مەترسی داییە ، تەمەننا دەکەم ، تکا دەکەم ، فایلەکەم مەبەستن ، هەشت ساڵە لێرە بەدبەختی دەکێشم ، هیچ شتێکم نەماوە ...

ئاسۆ لەوپەڕی غەمگینیەوە ، چاوی لە پۆلیسەکە کرد و دیتی پۆلیسەکە پێدەکەنێ و هیچ بایەخێکی پێ نادا ، ئینجا ئاسۆ شاڵاوی بۆ پۆلیسەکە برد و هەوڵی کووشتنی دەدا .

پۆلیسەکە هاواری لێ بەرز بۆوە و دەیگووت : بەرمدە ، بە فریام وەرن و ...
پۆلیسەکە دەنگی لاواز و لاوازتر دەبۆوە و هەر بەردەوام دەیگووت ، هاوار فریام کەون ...

*

- ئاغای دکتۆر ، کەس و کاری نەخۆشی ژووری ژوومارە 38 هاتن ، پێوەندی بە ئاسایشەوە بگرم ؟
- بەڵێ خانم پەرەستار
ئاغای دکتۆر بە خاتری خوا ، چی بووە ؟ چی قەوماوە ؟ ئاسۆی کوڕم چی بە سەر هاتووە ؟ حەک دایکت کووێر بێ کوڕە جوانەکەم ، ئۆۆۆۆۆف کوڕە نازدارەکەم ...

- خانم تکاتان لێ دەکەم ئارام بن ، بێدەنگی بپارێزن ، ئێرە نەخۆشخانەیە و ئەم هات و هاوارە نابێ هەبێ ، کوڕەکەتان حاڵی زۆر باشە ، لە ڕێپێوانەکەی ئەمرۆ دا ، گوولەیەکی لە قاچی خشاوە و هیچ جێگای نیگەرانی نییە و زۆر لەمێژیشە وە هۆش هاتۆتەوە ، بەڵام ماوەیەکی زۆرە لە بییرکردنەوە دایە و بەردەوام لە ژێر لێویەوە ناوی پۆلیس و پێشمەرگایەتی و بمنێرنە خاریج و گییانم لە خەتەر دایە و لەم جۆرە قسانە دەپەڕێنێ ...